www.kurdistannet.org
29-5-2006 20:53 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**وەرزەكانی قەدەر ... نامۆ**

قەسیدەی یانزەهەم

وەختێ هاتیت
لەگەڵ خۆتا ئاسمانێك خەمت بۆ هێنام
ئاشنات کردم بە دەرد و ژان
بەهەناسەی گەرم هەڵکێشان
بەڵێ خانم، ، ئاشنات کردم بە دڵ شکان
ئەوکاتانەی کە ئەتووت دێم
ئەوکاتانە نەئەهاتیت!!!
ئەوکاتانە بە چاوەڕوانیت ئەسپاردم
بۆ نامەیەك، بۆ زرەی زەنگی تەلەفوون
ئەوکاتانە
ڕێژنەی خەمێ بەسەر باڵاما ئەباری و
گەردەلوولێ لە مەینەتی لوولی ئەدام
تا ئەوکاتەی دڵی بەردت پەیمانێکی کەی ئەڕەخساند
درۆیەکی کەی چێ ئەکرد بۆ ئاییندە
دووبارە هەر چاوەڕوانی و
سەد بارە هەر چاوو لە ڕێ بوون
بۆ درۆزنترین دڵداری ئەم سەدەیەو
بۆ بەناو بانگترین سۆزانی سەر ڕووی زەمین